# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٥٥) سالی دوازدەم ١٧/کانونی دووەم/٢٠١٣ زایینی ٢٧/بەفرانبار/٢٧١٢کوردی ٥/ ربیعی یەکەم /١٤٣٤کۆچی


لەم ژمارەیەدا :

155


یاسای ژمارە (١٦) سالی ٢٠١٢ ل ١

یاسای جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق .

بریاری ژمارە ( ١٩ )ی سالی ٢٠١٢ ل ٤

متمانەدان بە بەرێز ( سعد خالد محمد امین ) ببێ بە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان .

بریاری ژمارە( ١ )ی سالی ٢٠١٢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی ل ٥

یاسای کارکردنی پیشەیی بۆ چاککردنەوەی ئامێر و مەکینە و کەرەستە و هۆیەکانی گواستنەوە .

رێنمایی ژمارە (٤)ی سالی ٢٠١٢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی ل ٦

دەست نیشانکردنی پلەی پەککەوتن بۆ کورتەبالاکان .

رێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٣ وەزارەتی تەندروستی ل ١٧

هەموارکردنی رێنمایی ژمارە(١)ی سالی ٢٠١٢

بەیانی وەزارەتی دارایی و ئابووری / ٢ ل ٧

بەیانی ژمارە ( ١١ )ی سالی ٢٠١٢ وەزارەتی ناوخۆ ل ٨

بەیان ژمارە( ١ )ی سالی ٢٠١٣ وەزارەتی پەروەردە ل ٨

بەیانی ژمارە ( ٨ )ی سالی ٢٠١٢ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ل ٩

بەیانی ژمارە ( ١٤١-١٤٢-١٤٣-١٤٤-١٤٥-١٤٦-١٤٧-١٤٨ )ی سالی ٢٠١٢ وەزارەتی تەندروستی ل ١٠



ناونیشان: هەولێر-چوار ریانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد .

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

**الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل**

**العدد (١٥٥) السنة الثانية عشرة ١٧/كانون الثاني/٢٠١٣ميلادي ١٧/بەفرانبار/٢٧١٢كوردي ٥/ ربيع الاول/١٤٣٤هجري**


**في هذا العدد:**

**155**


**قانون رقم (١٦) لسنة ٢٠١٢** ص ١٣

قانون إنفاذ وتعديل تطبيق قانون كتاب العدول رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨ في اقليم كوردستان ـ العراق .

**قرار رقم (١٩) لسنة ٢٠١٢** ص ١٥

منح الثقة للسيد (سعد خالد محمد امين ) وزيراً للاقليم لشؤون البرلمان .

**قرار رقم (١) لسنة (٢٠١٢) وزارة العمل والشؤون الأجتماعية** ص ١٦

ممارسة المهنة لصيانة الأجهزة و المكائن و المعدات و وسائط النقل .

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٣ وزارة الصحة** ص ١٧

تعديل تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١١ .

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠١٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٦

**بيان وزارة المالية و الاقتصاد / ٢** ص ٧

**بيان رقم (١١) لسنة ٢٠١٢ وزارة الداخلية** ص ٨

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٣ وزارة التربية** ص ٨

**بيان رقم (٨) لسنة ٢٠١٢ وزارة الاوقاف والشؤون الديينية** ص ٩

**بيان رقم (١٤١-١٤٢-١٤٣-١٤٤-١٤٥-١٤٦-١٤٧-١٤٨ )لسنة ٢٠١٢ وزارة الصحة** ص ١٠



**No.:155 Date: January, 17, 2013 Vol.: 12**



العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com


السعر ٧٥٠ دينار

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمووارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٧) لە ١٠/ ٢٠١٢/١٢ بڕیارماندا بە دەرکردنی :-

**یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی٢٠١٢**
**یاسای جێبەجێکردن و هەمووارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەکەم:**
جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقداو، کارکردن بە حوکمەکانی .
**ماددەی دووەم:**
لەکارخستنی ماددە (١٦)ی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقداو، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:
**یەکەم:** زمانی فەرمی پێشکەشکردن و دۆکیومێنتکردنی سەنەد لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، زمانی کوردی و عەرەبیە .
**دووەم:** زمانی ڕێکخستن و دۆکیومێنتکردنی سەنەد لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، زمانی کوردییە یان عەرەبیە .

**سێیەم:** دادنووس بۆی هەیە بە زمانێکی بیانی سەنەد دۆکیومێنت بکات و بینووسێتەوە ئەویش لە دوای زانینی ناوەڕۆکەکەی لە ڕێگەی وەرگێڕێکی سوێندراو.

**ماددەی سێیەم:**

دامەزراوو فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، جێگەی دامەزراوو فەرمانگەکانی ناوەندیی و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا ، لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبن، دەگرنەوە .

**ماددەی چوارەم:**

لەکارخستنی برگەی ( شەشەم )ی مادده (١١)ی یاسای دادنووسانی ژمارە ( ٣٣ )ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان - عێراقداو ، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

**شەشەم:** دادنووس بۆی هەیە، بەگوێرەی قەناعەتی خۆی ، توانای دارایی دەستەبەر (کفیل) لە سنووری ( ١,٥٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار، پشتگیریی بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە دەسەلأتی دادنووس بداتە ئەندامی داواکاری گشتی یان جێبەجێکاری داد یان بەرێوەبەری چاودێریی ناکامان بە مەرجێك ماوەی پیادەکردنیان بۆ کاری یاسایی لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت .

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە دەسەلأتی دادنووس بداتە لێکۆڵەری داد یان یاریدەدەری دادگەریی لە نێوان کارمەندانی وەزارەتەکەی بە مەرجێك ماوەی پیادەکردنیان بۆ کاری یاسایی لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت .

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە دوای نەوەت رۆژ لە رێکەوتی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا، جێبەجێ دەکرێت .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر :**

٣٠/کانوونی یەکەم /٢٠١٢ ی میلادی

٩/ بەفرانبار/ ٢٧١٢ ی کوردی

١٦/ صفر/١٤٣٤ ی هجری

## هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا فەرمانگەکانی دادنووسیی لە هەرێمدا بەپێی یاسای دادنووسانی عێراقی هەڵوەشێندراوەی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ١٩٧٧ و یاسای تۆمارکردنی ئامێرەکانی ژمارە (٣١)ی ساڵی ١٩٣٩دا، کار دەکەن، کە ئەم دوو یاسایەش یاسای کۆنن و لەگەڵ کاتی ئێستادا ناگونجێن و لەبەر ئەوەی یاسای دادنووسانی عێراقی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨، کە حوکمەکانی تۆمارکردنی ئامێرەکانی لەگەڵدا لێکدراوەو کراونەتە یاسایەکی یەکخراو بۆ دادنووسان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی یەکپارچەیی بابەت، وە لە پێناو جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی لە هەرێمدا، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

**بەناوی خودای بەخشندەو میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

## بـڕیـار

**ژمارە ( ١٩ )ی ساڵی ٢٠١٢**

پشت بە حوکمی بڕگەی ( ٤ ) لـە مـاددەی ( ٥٦ ) لـە یاسـای ژمـارە ( ١ )ی سـاڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو ، پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، لە دانیشتنی ژمارە ( ٣٤ )ی رۆژی ٢٥ / ١٢ / ٢٠١٢یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا :-

**یەکـەم** : متمانـەدان بـە بـەڕێز ( سـعد خالـد محمـد امـین ) ببـێ بـە وەزیـری هـەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان .

**دووەم** : ئەم بڕیارە لە رۆژی سوێند خواردنی یاسابییەوە رێکەوتی ( ٢٥ / ١٢ / ٢٠١٢ ) وە جێبـەجێ دەکـرێ و لـە رۆژنامـەی رەسمـی ( وەقـایعی کوردسـتان ) دا بڵاو دەکرێتەوە .

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ڕێکەوتی : ٢٠١٢/١٢/٣١**

**بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٢**

پاڵپشت بە ماددەی (١٦) لە یاسای کارکردنی پیشەیی بۆ چاککردنەوەی ئامێر و مەکینە و کەرەستە و هۆیەکانی گواستنەوە ژمارە (١٨) ساڵی ١٩٨٧ وە خاڵی (ب) لە بڕگـەی (یەکەمی ) ڕێنمایی ژمارە (١٨) ی ساڵی ١٩٨٨ دا . بریارماندا بە :

**یەکەم :**

١- زیاد کردنی پیشەیی ( چاککردنەوەی ئامێری پەیوەندییەکان ) کە مۆبایل و تەلەفۆن دەگرێتەوە بە زنجیرەی ژمارە (٣٠ ) .

٢- زیاد کردنی پیشەیی چاککردنەوەی ئامێرەکانی موسیقا بە زنجیرەی ژمارە (٣١) .

**دووەم :**

١- پیشەی چاککردنەوەی ئامێرەکانی ساردکردنەوە و فێنککەرەوە کە لە زنجیرەی ژمارە (٣)ی ڕێنمایی یەکەدا هاتووە ئامێری (سبلیت ) یش دەگرێتەوە .

٢- پیشەیی چاککردنەوەی حاسیبات کە لە زنجیرەی ژمارە (٢٨) ی ڕێنمـایی یەکـەدا هاتووە ، سەرجەم جۆرەکانی کۆمپیوتەر دەگرێتەوە .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ڕێکەوتی :٢٠١٢/١٢/٣١**

پاڵپشت بەئەحکامی ماددەی (١٨) و ماددەی (٦/برگەی یەکەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

## ڕێنمایی ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠١٢

## دەست نیشانکردنی پلەی پەککەوتن بۆ کورتەباڵاکان

بەپێ ی کۆنوسی لیژنەی هاوبەشی پێکهاتووی نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندروستی بۆ دەست نیشانکردنی پلەی پەککەوتن بۆ کورتەباڵاکان ، ڕێژەکان بەم شێوەی خوارەوە کە پەسەند کراوە دەبێت :-

**یەکەم:** هەر کەسێکی پێگەیشتوو کە تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵە وە باڵای لە (١٤٢) سم بۆ پیاوان و ( ١٣٧ )سم بۆ ئافرەتان کە بە کورتە باڵا دادەنرێت ڕێژەی پەککەوتنی لە ( ٤٠ – ٥٠ ٪ ) بۆیان دادەنرێت .

**دووەم:** سەرەڕای خاڵی سەرەوە گەر هاتوو کورتە باڵاکە لە کاتی دیارکردنی جولانەوەی جومگەکانی ( تحدد حركة المفاصل ) سوك و مام ناوەندی بێت ڕێژەی پەککەوتنی لە نێوان ( ٥١ – ٧٤ ٪ ) بۆیان دادەنرێت .

**سێیەم:** گەر هاتوو لەکاتی دیاریکردنی جولانەوەی جومگەکان زۆر توند بێت وە هەروەها شێواندنی جومگە لەگەڵ بێت ڕێژەی پەککەوتنی لەنێوان(٧٥–١٠٠٪) بۆیان دادەنرێت

**چوارەم:** لیژنەکانی پزیشکی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی بە پێی ڕێنماییەکانی خشتەی پەککەوتن لە بواری (فیزیکی و جەستەیی) ئەم ڕێژەیان بۆ ئەژمار دەکرێت .

**پێنجەم:** لیژنە پزیشکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە کاتی دانانی ڕێژەی پەککەوتن بۆ کورتە باڵاکان ڕەچاوی حاڵەتی ( دەروونی و عاقڵی ) بکات

**شەشەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی جێ بە جێ دەکرێت .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

وەزارەتی دارایی و ئابووری

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٧) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی بەنکی زانکۆ لە شاری دهۆك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان.
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٧ .

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٧) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی بەنکی ئامەد سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لەشاری دهۆك .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٧ .

**بایز سەعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١٢**

پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای هەولێر ژمـارە ( ٩٥٩٦ لـە ٣ / ١٢ / ٢٠١٢ ) لەبـەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-

- فراوان کردنی حەرەمی گوندی (سیساوە) سەر بە ناحیەی ( باسرمە / قەزای شەقلاوە) پاریزگای هەولێر بە رووبەری ( ٣٤ ) دۆنم لەسەر زەوی ژمارە ( ١/٣٣ و ٥ / ١ کەرتی ٢٨ / سیساوە ) کە رووبەرەکەی و نەخشەکەی لە هاوپێچی نوسراوی سەرەوە هاتووە بە پێ ی یاساکاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٣ /١٢/ ٢٠١٢ .

**کریم سنجاری**
**وەزیـری نـاوخـۆ**

---

**وەزارەتی پەروەردە**

**بەیان ژمارە( ١ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٢٢)ی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمـارە (٤) ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، بریارماندا بە :

- کردنەوەی(بەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پەروەردەیی)کە راستەوخۆ بەستراوبێت بە وەزیر.
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٣/١/٧ .

**د. عصمت محمد خالد**
**وەزیـری پـەروەردە**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

## بەیانی ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاّتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگە دوو ) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

ڕێکخستنی پەیکەری کارکردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عمرە بەم شێوەی خوارەوە:-

١- بەرێوەبەری گشتی .

٢- یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی .

٣- ئەم هۆبانەی کە ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەری گشتین پێك هاتووە لە مانەی خوارەوە:-
- هۆبەی أ-(ووردبین) ب-(نوێنەری فەرمانگە لە بەغداد) ج-(خامەی نهێنی) د-(سکرتێر)

٤- بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی و کارگێری :- هۆبەی أ- (کارگێری و کارگوزاری) ب- (میلاکات) ج- (خۆیەتی) د-(صادرە و واردە) هـ-(کۆمپیوتەر و چاپ) و- (استعلامات وپاسەوان) ز- (بدالە و کارەبا ) .

٥- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری :- هۆبەی أ-(خەرجی و ژمێریاری) ب-(مووچە) ج-(أمین صندوق) د-(کۆگا و دۆسیەی ژمێریاری) هـ-(أمین صندوق حەج) .

٦- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن :- هۆبەی أ-( ڕاگەیاندن) ب- (پەیوەندیەکان ) .

٧- بەڕێوەبەرایەتی یاسا :- هۆبەی أ-( کاروباری یاسا) ب- ( گرێ بەستەکان ) .

٨- بەرێوەبەرایەتی پلان و ئامار :- هۆبەی أ-(پلان) ب-(ئامار) ج- (خول و ڕاهێنان )

٩- بەرێوەبەرایەتی حەج و عمرە :- هۆبەی أ-(حەج) ب-(عمرە) ج-(تۆمارکردن) د-(کۆمپانیاکان) .

١٠- بەرێوەبەرایەتی حەج و عمرە لە شارەکان :- أ-( بەرێوەبەرایەتی حەج و عمرە لە هەولێر) ب-(بەرێوەبەرایەتی حەج و عمرە لە سلێمانی) ج-(بەرێوەبەرایەتی حەج و عمرە لە دهۆك) د-( بەرێوەبەرایەتی حەج و عمرە لە گەرمیان ) .

١١- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێ لە بەرواری دەرچوونیەوە ٢٠١٢/١٢/٢٦ .

**کامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیان ژمارە ( ١٤١ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- گۆرینی (بەشی کۆنترۆلکردنی وردبینی زیندەوەرەکان) بۆ بەشی ( کۆنترۆلکردن و نەخۆشیە گوازراوەکان ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٧ .

**بەیان ژمارە ( ١٤٢ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی دوبەردان) لە گوندی دوبەردان قەزای بەردەڕەش سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٧ .

**بەیان ژمارە ( ١٤٣ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- گۆڕینی (کلینیکی ڕاوێژکاری عەلی کەمال) بۆ (سەنتەری ڕاوێژکاری عەلی کەمال) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٧ .

**د.رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیان ژمارە ( ١٤٤ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی(نەخۆشخانەی دهۆکی چاو) لەپارێزگای دهۆك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٧ .

**بەیان ژمارە ( ١٤٥ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (هۆبەی کارگێری و هۆبەی لێپرسراوی هۆبەی ئاو و هۆبەی لێپرسراوی کوتان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٧ .

**بەیان ژمارە ( ١٤٦ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- گۆڕینی ( بەشی دەروونی ) بۆ ( سەنتەری دەروونی ) لەنەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٧ .

**د.رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیان ژمارە ( ١٤٧ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- گۆڕینی (هۆبەی مەڵبەندە تەندروستیەکان) بۆ (هۆبەی مەڵبەندە تەندروستی و پزیشکی خێزانی) لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٧ .

**بەیان ژمارە ( ١٤٨ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی شار) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٣١ .

**د.رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**بأسم الشعب**

**قرار**

**رقم ( ٣٠ ) لسنة ٢٠١٢**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٢٧) في ٢٠١٢/١٢/١٠ قررنا إصدار:

**قانون رقم ( ١٦ ) لسنة ٢٠١٢**
**قانون إنفاذ وتعديل تطبيق قانون كتاب العدول رقم ( ٣٣ ) لسنة ١٩٩٨**
**في اقليم كوردستان ـ العراق**

**المادة الأولى:** إنفاذ وتعديل تطبيق قانون كتاب العدول رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨ في اقليم كوردستان ـ العراق والعمل بأحكامه.

**المادة الثانية:** ايقاف العمل بالمادة (١٦) من قانون كتاب العدول رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨ في اقليم كوردستان ـ العراق، ويحل محلها ما يأتي:

**أولاً:** تكون اللغة الكوردية والعربية اللغة الرسمية في تقديم السندات وتوثيقها في اقليم كوردستان ـ العراق .

**ثانياً:** تكون اللغة الكوردية أو العربية لغة تنظيم السندات وتوثيقها في اقليم كوردستان ـ العراق

**ثالثاً:** للكاتب العدل توثيق السندات وتدوينها بلغة أجنبية بعد الاطلاع على مضمونها بواسطة مترجم محلف .

**المادة الثالثة:** تحل مؤسسات ودوائر اقليم كوردستان ـ العراق وشاغلوا المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب فيها أينما ورد ذكرها في هذا القانون.

**المادة الرابعة:** ايقاف العمل بالفقرة (سادساً) من المادة (١١) من القانون الكتاب العدول رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨ في اقليم كوردستان ـ العراق ويحل محلها ما يأتي:

سادساً ـ للكاتب العدل حسب قناعته تأييد المقدرة المالية للكفيل بحدود (١,٥٠٠,٠٠٠) مليون وخمسمائة الف دينار.

**المادة الخامسة:** لوزير العدل منح صلاحية الكاتب العدل الى عضو الادعاء العام أو المنفذ العدل أو مدير رعاية القاصرين شرط ممارسته الأعمال القانونية لمدة لا تقل عن سنتين.

**المادة السادسة:** لوزير العدل منح صلاحية الكاتب العدل الى المحقق العدلي او المعاون القضائي من منتسبي وزارته شرط ممارسته الأعمال القانونية لمدة لا تقل عن سنتين.

**المادة السابعة:** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:** لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:** ينفذ هذا القانون بعد تسعين يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

**هەولێر:**
٣٠/ كانون الاول /٢٠١٢ ی ميلادی
٩/بەفرانبار/ ٢٧١٢ ی كوردی
١٦/ صفر/١٤٣٤ ی هجری

## الأسباب الموجبة

بالنظر الى ان دوائر الكتاب العدول في الاقليم لا زالت تعمل وفق قانون الكتاب العدول العراقي الملغي رقم (٢٧) لسنة ١٩٧٧ وقانون تسجيل المكائن رقم (٣١) لسنة ١٩٣٩ وهي قوانين قديمة لا تتواكب مع وقتنا الحاضر ولكون قانون كتاب العدول العراقي رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨ الذي دمج معه أحكام تسجيل المكائن ضمن قانون موحد للكتاب العدول تحقيقاً لوحدة الموضوع وبغية انفاذه وتعديل تطبيقه في الاقليم فقد شرع هذا القانون

بسم الله الرحمن الرحيم

**بأسم الشعب**

**بـــرلمان كوردســتان – العــراق**

**قرار**
**رقم ( ١٩ ) لسنة ٢٠١٢**

أستناداً لاحكام الفقرة (٤) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة١٩٩٢ المعدل ، قرر برلمان كوردستان- العراق ، بجلسته المرقمة (٣٤) المنعقدة بتأريخ ٢٠١٢/١٢/٢٥ الآتي :-

**أولاً**: منح الثقة للسيد (سعد خالد محمد امين ) وزيراً للاقليم لشؤون البرلمان .

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اداءه اليمين القانونية في ٢٠١٢/١٢/٢٥ و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

وزارة العمل والشؤون الأجتماعية

٢٠١٢/١٢/٣١

**قرار**

**رقم ( ١ ) لسنة ( ٢٠١٢ )**

أستناداً الى المادة (٦) من قانون (ممارسة المهنة لصيانة الأجهزة و المكائن و المعدات و وسائط النقل ) رقم (١٨) لسنة ١٩٨٧ و البند (ب) من الفقرة (الأولى ) من تعليمات رقم (١٨) لسنة ١٩٨٨ قررنا مايلي :-

**أولاً :**

١- أضافة مهنة (تصليح أجهزة الاتصالات ) بتسلسل رقم (٣٠ ) وتشمل الموبايلات والهواتف بأنواعها .

٢- أضافة مهنة (تصليح الأجهزة الموسيقية ) بتسلسل رقم (٣١) .

**ثانياً :**

١- مهنة (تصليح أجهزة التبريد و التكييف ) الواردة بتسلسل رقم (٣) تشمل السبليتات أيضاً .

٢- مهنة (تصليح الحاسبات ) بتسلسل رقم (٢٨) تتضمن جميع انواع الكومبيوترات والحاسبات الآلية و الكهربائية .

**ئاسوس نجيب عبدالله**

**وزيرة العمل والشؤون الأجتماعية**

**وزارة الـصحـة**

٢٠١٣/١/٧

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٣**
**تعديل تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١١**

استناداً الى مادة (٧) من قانون وزارة الصحة لأقليم كوردستان رقم (١٥) لـسنة ٢٠٠٧ قررنـا تعـديل (تعليمـات اسـتيراد الأدويـة والـمستلزمات الطبيـة و الـمستلزمات الـمختبرية والـمواد الكيميائيـة والبكتريولوجيـة ومـواد الأسـنان و الأجهـزة الطبيـة و الخدمية الطبية والـمواد الفعالـة والغير الفعالـة ومـواد التغليـف الداخلـة في صـناعة وانتاج الدواء).

**الـمادة الأولى:**

اضـــافة بعـــض الـمـــصطلحات الى عنـــوان تعليمـــات رقـــم (١) لـــسنة ٢٠١١ وتقرأ على الشكل الأتي:

( تعليمـات اسـتيراد الادويـة و الادويـة العـشبية ومكمـلات غذائيـة الـمعبأء علـى اشكال الصيدلانية و الـمستلزمات الطبيـة و مـواد الأطـراف الـصناعية و الـمستلزمات والـــمواد الـــمختبرية والـــمواد الكيميائيـــة والبكتريولوجيـــة والـــمواد ومـــستلزمات الاسنان والاجهزة الطبية و الاجهزة الخدمية الطبية و الـمواد الفعالة والغير الفعالة والـمواد الداخلة في صناعة و انتاج الدواء)

**الـمادة الثانية:**

تعديل الـمادة الاولى – الفقرة الاولى : تقرأ كالاتي :

(يتم تسجيل ومنح اجازة استيراد للشركات الـمستوردة للأدوية والادوية العشبية ومكملات غذائيـــة الـــمعبأة علـــى اشـــكال الـــصيدلانية (pharmaceutical dosage) والـمستلزمات الطبية و مواد الاطراف الصناعية والـمستلزمات ومواد الـمختبرية والـمواد الكيمياوية و البكتريولوجية و مواد ومـستلزمات الاسـنان و الاجهـزة الطبيـة و الاجهـزة الخدمية الطبية و الـمواد الفعالة و الغير الفعالة و الـمواد الداخلة في صناعة وانتاج الدواء من قبل وزارة الصحة لاقليم كوردستان.

**الـمادة الثـالثة :**

تعديل نقطة (١) من الفقرة (أ) من الـمادة الاولى وتكون كالأتي:كتاب تأيد من النقابة الـمعنية بمزاولة الـمهنة في اقليم كوردستان العراق .وتقديم عقد مبرم ومصدق مـن قبـل كاتب العدل بين صاحب الشركة ومدير الـمسؤول كل حسب اختصاصه (طبيب او صيدلاني او مهندس ........الخ) ويبين فيه مدة العقد.

**الـمادة الرابعة :**

اضافة فقرة(ثالثة) للمادة الاولى تحت اسم مواد خام اولية (Raw material) كالاتي:

- يتم استيراد الـمواد الاولية الخامة فقط من قبل معامل الادوية الـمجازة لدى وزارة الصحة لاقليم كوردستان العراق حسب الشروط الاتية:

أ- تقديم packing list .

ب- تقديم مستمسكات لتحاليل مختبرية لمعمل الادوية لكل وجبة جديدة ( For ech product) .

ت- على الـمعمل ان يتعهد بشكل خطي لدى الـمديرية القانونية في الوزارة او شعبة القانونية لدى KMCA بان تكون الـمواد الـمراد استيرادها فقط لاغراض الـمعمل وليس للبيع .

**الـمادةالخامسة :**

تعديل الـمادة الثانية /الفقرة الاولى و تشمل نقطتين (ا) و(ب)ويكون الفقرة الاولى هي (ا) وتضاف الى فقرة (ا) يجب ان يكون الـمخزن في الطابق الارضي او السرداب .

وتضاف نقطة (ب) وتقراء كالاتي:

يلتزم مقدم الطلب لنـشاط الاجهـزة الطبيـة بتـوفير الــمخازن الـضرورية لحفـظ الاجهـزة بشكل يتناسب مع درجة خطورتها وبموجب التعليمات الصادرة مـن وزارة الـصحة علـى ان لايقـل مـساحته (سـعة الخـزن) عـن( ١٠٠م٢)مائـة مـتر مربـع مـستوفية جميـع الـشروط الـصحية والعلميـة مـن درجـة الحـرارة والرطوبـة والاضـائة والتكييـف وتـوفير اجهزة الاطفـاء وقواعـد خـشبية او معدنيـة.وان يكـون في الطـابق الارضـي او سـرداب. وفي حال وجود اكثر من نشاط للشركة تبقى الـشركة ملتزمـة بهـذا الـشرط اضـافة الى الـمخازن الاخرى .

**المادة السادسة:**

الغاء الفقرة (٢) من المادة الثانية .

**المادة السابعة:**

تعديل نقطة (ج)في فقرة (٢) من المادة الثالثة : تاريخ الصنع وتاريخ النفاذية .وفي حالة عدم توافر تاريخ الصنع على العبوة يشترط على الشركة تقديم اوراق ثبوتية اللازمة لتبيان تاريخ الصنع.

اضافة نقطة (هـ) للفقرة (٢) في المادة الثالثة وتكون كالاتي:.تثبيت تأريخ النفاذية بصورة غير قابلة للازالة.

**المادة الثامنة:**

١- تعديل الفقرة الاولى من المادة الرابعة وتقرأ كاللأتي:

تمنح وزارة الصحة الاقليم اجازة الاستيراد لشركات استيراد وتوزيع وبيع الادوية و الادوية العشبية ومكملات غذائية المعبأة على اشكال الصيدلانية و المستلزمات الطبية و مواد الأطراف الصناعية و المستلزمات ومواد المختبرية والمواد الكيمياوية والبكتريولوجية والمواد ومستلزمات الاسنان .

٢- تعديل نقطة (ت)من الفقرة (١) من المادة الرابعة وتضاف اليه على ان تكون مقدم الطلب اذا كان بايلوجي او كيميائي خريج كلية العلوم حسب قانون رقم (١٥) لسنة (٢٠٠٧ )

٣- اضافة نقطة (ج) الى الفقرة (١) من المادة الرابعة و تقرأ كالأتي :

الشروط المطلوبة للفقرة(ب و ت) أن يكون الطبيب متقاعد او ان لايعمل لدى اجهزة الدولة وان يكون منتمي الى النقابة المعنية حسب اختصاصاتهم لمدة لاتقل عن (٦) ست سنوات في اقليم كوردستان .وتمنح اجازة استيراد مستلزمات ومواد الطبية و مواد الاطراف الصناعية (Medical device).

٤- تعديل الفقرة (٢) من المادة الرابعة لتكون نقطتين كالاتي:

أ- شروط الخدمة لنقاط (ا،ب،ت) اعلاه هي (٦) سنوات خدمة فعلية في مجال اختصاصهم في اقليم كوردستان على ان يكونو مسجلين في النقابات المعنية في اقليم كوردستان.

ب- شروط الخدمة الـمطلوبة للمهندس الـمسؤول عن نشاط استيراد الاجهـزة الطبيـة ان يكون مسجلاً لدى نقابة الـمهندسين لأقليم كوردستان لـمدة لاتقـل عـن (٦) سـنوات بتاييد من النقابة وان لا يمارسوا اي نشاط اخر لنفس الغرض في شركة اخرى.

**الـمادة التاسعة:**

تعديل الفقرة (٣) من الـمادة الثامنة وذلك باضافة مصطلح (للمواد الواصلة فعلاً).

**الـمادةالعاشرة:**

١- تعديل الفقرة (٢) من الـمادة الرابعة عشرة وتكون كالاتي: بالنسبة الى الادوية السرطانية يجب ان يكون مقراً من قبل احدى الـمنظمات الدولية الاتية (FDA – EMEA-MHRA).

٢- تعديل الفقرة (٤) من الـمادة الرابعة عشرة وتكون كالاتي:الـمستشفيات الخاصة و الـمراكز الصحية التخصصية و الـمختبرات الـمجازة رسميا فقط لموقع العمل الخاص به وبكميات محدودة بشرط ان يتعهد لدى مديرية القانونية لدى وزارة الصحة او شعبة القانونية لدى **KMCA** بان لا يتم توزيعها او بيعها بل حسب الحاجة الفعلية الـمحدودة التي تشمل كالاتي ( مواد الطبية و الـمواد الـمختبرية و مواد الاسنان و اجهزة الخدمية الطبية).

**الـمادة الحادية عشرة:**

على شركات تقديم الوكالات حصرية من (١ الى ٥) خلال ستة اشهر من تاريخ منح اجازة فتح الشركة وبعكسه يغلق الشركة .

**الـمادةالثانية عشرة:**

تنفذ هذه التعليمات من تأريخ نشرها في جريدة ( وقائع كوردستان ) .

**د. ريكەوت حمه رشيد كريم**
**وزيـر الـصحـة**